دێرین
ژمارە (8) چوارشەممە 2006/12/20

# پەیوەندی نێوان دیموکراسیی و گەندەلیی

و. پەروین عوسمان

ئەگەر دیموکراسی، واتای سەربەخۆیی و یەکسانی و بەشدار بوون بگەیەنێت، ئەگەر واتای سەرفرازی گەل و ڕێزگرتنی ماف و سەربەخۆییە مرۆڤاییەتیەکان و جێبەجێکردنی یاسای گشتی و جیاوازی کردن لەنێوان هەرسێ دەسەلات بگەیەنێت و هەروەها ئەگەر دیموکراسی ئەم واتایە ئەو چەندواتایەکی تر بگەیەنێت پێویستە پەیوەندی نێوان دیموکراسی و گەندەلیی پەیوەندیەکی دژایەتی بێت، هەروەها ئەگەر دیموکراسی لەسەر بنەمایەکی بەهێز دامەزرا بێت پێویستە پەیوەندی نێوان خۆیی و گەندەلیی پەیوەندیەکی پێچەوانە بێت جا بە شێوەیەکی لۆجیکیانە هەر چەندە پێوانەی دیموکراسی فراوان بکرێت ئەوەندە پێوانەی گەندەلیی تەسك دەبێتەوە. جا ئەگەر کار بەم شێوەیە بڕوات بۆچی ئەم وولاتانەی ناودارن بە دیموکراسی بە دەست گەندەلیەوە دەنالێنن.

هەروەها بۆچی پێوانەی گەندەلیی فراوانتر بووە دوای لێکترازانی سیستمە سەرتاپاکان و ولاتەکەیان بۆ بازارە ئابوورییەکان گۆڕاوە لە ژێر پەردەی دیموکراسییەکی بۆرجوازی قەلپ خۆی ڕێکخستووە.

هەر چەندە دیموکراسی لە خودی خۆی دا چەندەها ڕەگەزی بەرگری دژی گەندەلیی دا دەکات و کۆی دەکاتەوە،ڕیشەکێشی دەکات لەوانە:–

*هەڵبژاردنێکی ئازاد بۆ دەستەلاتداران و بەکارهێنانی دەسەلات لەنێوان پارتەکان.

*هەبوونی دەسەلاتێکی یاسایی و چالاك و کاریگەر لە نێوانیاندا.

*هەبوونی دەسەلاتی جێبەجێ کردن کە توانای چاکردنی هەبێت.

*هەبوونی دەسەلاتێکی دادوەری سەربەخۆلە گەل هەبونی ڕایەکی گشتی بۆ ئەم دەسەلاتە.

جا لێرەدا پرسیار، ئەوەیە ئایا ئەم ڕەگەزانە دەبنە هۆی چاکردنی سیستەمی دیموکراسی لە نەخۆشی گەندەلیدا؟ هەروەها ئەم سیستەمە چی زیاتری لە خۆراگری و لە دەستە ڕۆیی گەل و سەربەخۆیی یە گشتییەکان و زۆر بوونی سیاسەتەکان پێویستە تاوەکو بەدەست گەندەلییەوە نەنالێنن کە لەسەر بنچینەیەکی یەکگرتووی ناڕاست و ناپیرۆز لە نێوان دەسەلات و پارەو پولدا بێت دامەزراوە.

کەواتە بۆچی دەسەلات لەژێر سێبەری دیموکراسیدا بۆ پاوانکردنی هێز دەگۆڕێت و بۆچی پارە دەگۆڕێت بۆ مۆتەکەیەك و بەسەر سیاسیەکاندا زاڵ دەبێت و بڕیار لەسەر بڕیارە سیاسی و ئابوریەکاندا دەدات؟ بێگومان وەلامدانەوەی ئەم پرسیارەو چەندەها پرسیاری تر پێویستیان بە ناوەڕۆکێکی دیموکراسی دەبێت و پێویستیش بەوە دەکات، کە ئامێرەکان و کەرەسەکان بخرێنە ژێر وردبینیەوە بۆ دیاریکردنی گشت لایەنەکان لە کۆشکی دیموکراسیدا کە گۆڕاوە بۆ داواپەکی میللی، کە هەژارو دەولەمەند داوای دەکەن. جا ئەوەی لە دیموکراسیدا جێگەی گومانە ئەوەیە کە ناوەڕۆکێکی بە تاڵی هەبێت. دروشمەکانی خێراتر لە پێشوو بەکار بهێنێت وەکو لە سۆسیالیستی و یەکگرتن و ئازاد کردندا هەیە.

کەواتە ئەم ئەنجامانەش بێ هیوایی بەدواوەیە چونکە دوورە لە بەختەوەری و خۆشی. جا ئەم ڕەخنەو کەمو کورتیانەی تووشی دیموکراسی دەبێت کاتێك ئەو کەسانەی لەکاتی هەلبژاردندا دەکەونە ژێر فشاری هێزی سیاسییەوە بە هۆی پێدان و یارمەتی پارەوە بۆئەوانەی ناتوانن بە شێوەیەکی چاك نوێنەری خۆیان هەلبژێرن لەسەر هەموو ئەمانەشەوە دیموکراسی وەك سیستمێکی سیاسی بۆ ئەوە دروستبووە کە میللەت بەشداریی لەدەسەلاتدا بکات و خەلك سەربەخۆییەکی تەواویان لەهەلبژاردنی نوێنەرەکانیان هەبێت بێ دەسەلات دەگرنە دەست و کەمینەی خەلکیش بڕیارەکان جێبەجێ دەکەن کەواتە ڕوخساری شتەکە هەرئەوە نییە کە ڕێپیشاندەرە دیموکراسیەکان دەسەلاتێکی باش بەکاربهێنن، بەلکو ئەم دەسەلاتە لەگەل یاسادا بەردەوام لەگەل سەربەخۆیی و پاکی لەهەلبژاردن و ڕێزگرتن لەمافی مرۆڤدا هەنگاو دەنێت تا دەگاتە سەربەخۆیی لەدام و دەزگاکانی کۆمەلگای شارستانی بۆ گەیشتن بە جەماوەر، هەروەها ببێتە شێوازێك لە پەیڕەو کردنی دیموکراسی تا وەکو خەلك ڕادێت لەسەر پەیڕەوکردنی، چاك بەکارهێنانی ئەم سیستمەش بەلام ئەمە بە شەوو ڕۆژێك ئەنجام نادرێت بەلکو کاتێکی زۆری پێویستە بۆ کارکردن لە گۆڕانکاریە ئابوری و کۆمەلایەتییەکاندا ئەمەش بەشێوەیەك دادەنرێت لەگەندەلییە سیاسیەکەدا. جا ئەم سیستمە تەسك و فراوان دەبێتەوە بەقولایی دەستکەوتە ئابوری و کۆمەلایەتیەکان کە هەر دەبێت پێچەوانە ببێتەوە لە سەربنەمایەکی سیستەمدارو بەهێزو بە کۆمەل.

گەندەلیی سیاسی بەشێکە لە ڕەوشتی سیاسی کە بەرپرسێکی میری پەیڕەوی دەکات پێچەوانە لەگەل یاساو سیستمەکان بۆ بەدەستهێنانی سوودێکی خودی یان سوودێکی ماددی یان مەعنەوی بێت.

گەندەلیی سیاسیش چەند تایبەتمەندیەکی هەیە وەکو ئەمانەی خوارەوە:–

١–پەیڕەوکردنی فەرمانە گشتیەکان بە شێوازێکی بیروکراتی پێوەندار.

٢–سەرپێچی کردنی ئەو یاسایانەی دانراوە بۆ فەرمانە گشتیەکان.

٣–وەدەستهێنانی سوودی تاکەکەسی بەسەر بەرژەوەندی گشتیدا.

٤–هەبوونی دوولا، لەهاوکێشەی گەندەلیی ئەوانەش فەرمانبەرێکی میری لەلایەك و خزمەتگوزارێك لەلایەکی ترەوە.

شارەزایانی کارگێڕی بۆدیاری کردنی شێوەکانی گەندەلیی سیاسی دابەشیان کردووە بۆ چەند ئاستی جیاواز کە ئەمانەن:–

*(گەندەلیی سەرۆکایەتی):

– ئەم جۆرە گەندەلییە، هەرەمە سیاسیەکە دەگرێتەوە. ئەمەش سەرۆك و ئەو دەسەلاتانە دەگرێتەوە کە دەسەلاتەکانیان بەکاردەهێنن بۆ بەرژەوەندی تاکەکەسی بەرێگەی ناڕاست و نایاسایی کەواتە ئەم جۆرەیان بەخراپترین جۆر دادەنرێت.

ئەم گەندەلییە لەهەندێك لەولاتانی ئەفرۆ ئاسیایی و ولاتانی ئەمەریکای لاتینی بلاوبۆتەوە. کەواتە دۆسیەی هەندێك لەم سەرۆکانە پڕیەتی لەهەلەی دارایی و وەبەرهێنانی دەسەلات ڕۆیی و دەسکەوتێکی نایاسایی. نمونەش بۆ ئەمە سەرۆکی هایتی کۆن (ژان کلود دۆڤالییە) ٤٥٠ ملیۆن دۆلاری لە گەنجینەی ولاتدا دزی و بە خۆیی و بە فڕۆکەکەیەوە بۆ دەرەوەی ولات هەلهات. هەروەها پێش هەلهاتنی بۆ دەرەوە ڕێژەی پارەکەی گەیشتە ٥٠٠ ملیۆن دۆلار، بەلام ئەمە ژمارەیەکی زۆر کەمە لەوەی سەرۆکی فلیپینی کۆن(مارکوس) دزیبووی، لێرەدا موخابەراتی مەرکەزی ئەمەریکی ڕێژەکەی بە (٣) ملیار دۆلار پێوانە کرد پێش ئەوەی بچێتە دەرەوەی ولات کە دەگاتە نیوەی داهاتی فلیپینیەکان هەروەها هەندێك لەڕاپۆرتەکان ئامارەیان بەوە کردووە کە کۆی سامانی مارکوس دەگاتە نێوان ١١–٣٠ ملیاردۆلار هەروەها مەکسیکیش نموونەیەکی باشی پێشکەش گەندەلیی سیاسی کرد کە زۆربەی ئەو قەرزە دەرەکیانەی کە دەستی مەکسیك کەوتبوو دەچووە سەر حیسابی پیاوە گەورەکان لە بانکەکانی بێگانە. سۆهارتۆی ئەندەنوسی کە بۆماوەی ٣٢ ساڵ دەسەلاتی گرتبووە دەست خۆیی و خێزانەکەی پارە بازێکی باشبوون لەپاوان کردن و ژماردندا.

هەربەم شێوەیە شوێن و پلەو پایەی سەرۆك دەگۆڕێت لەو شوێنەی کە بەرژەوەندی گشتی تێدابێت، بۆ بەدەستهێنانی سامانی تاکەکەسی بە ڕێگەیەکی نایاسایی بەرێگەی پاوانکردنی دەسەلات ڕۆیی و وەرگرتنی بەرێك کەواتە زۆربەی ئەم سەرۆکانە دەچنەوە سەر جیهانی سێیەم، چونکە ماوەیەکی زۆر لەسەر کورسی دەسەلات دەمێننەوە هەروەها ماوەیەکی باشیان بۆ دەرەخسێت بۆ دزینی سامانی میللەت و پەرتکردنی مال و مولکی میللەت. هەر بەم شێوەیە ئەم گەندەلی سیاسییە، لەسەرۆکەکانەوە بەرەو خێزان و ڕۆلەکانیان و خزم و هاوڕێیانیان و سەرژمێرەکانیان دەڕوات، ئەمەش بنبڕ نابێت تەنیا بە گۆڕانی هێمای گەندەلیی و لەناوبردن و سزادانی ئەم کۆمەلەیە، واتە ئەم سەرۆکانە.

* گەندەلیی دامەزرێنەری:

ئەم گەندەلییە سیاسییە هەندێك لەئەندامانی ئەم سێ دەسەلاتە دەگرێتەوە (یاسایی، جێبەجێکردن، دادوەری) ترسناکترین وێنەیی گەندەلیی دامەزرێنەری گەندەلیی وەزاری و بەڕێوبەرە گەورەکان و نوێنەری پارتە سیاسیەکان دەگرێتەوە، لەگەل گەندەلیی لە هەندێك لەئەندامانی پەرلەمان.

هەروەها لەکێشەی خاوەن قەرزەکاندا دادگای میسر چوار ئەندام و وەزیرێکی کۆنی لەپارتی نیشتمانی دەسەلاتداری بەگەندەلیی خەرجی تاوانبار کرد، بەوەی کە ئاسانکاریان لەخەرجکردندا کردووە کە دەگاتە ملیار(جنیە) ی میسری.

دوای گەندەلیی پەرلەمان گەندەلیی وزاری دێت کە ئەمەش دەتوانێ دەستنیشانی ڕێپیشاندەرەکانی پێبکرێت لەرێگەی ئاستی بژێویدا، کەواتە وەزیرەکان بەرێگەیی نایاسایی هەموو شتێك وەدەست دەهێنن، لێرەدا حکومەت ئەم کەش و هەوای گەندەلیە هەلدەقوزێتەوە بۆ تەزویرکردنی هەلبژاردنەکانی پەرلەمان، کاتێك ئەندامێکی پەرلەمان دەگاتە دەزگایەکی یاسایی بە ڕێگەیەکی نارێك زیاتر ئامادەیە بۆچەوساندنەوەی دەسەلاتەکەی و زۆرتر ئارەزووی پەیڕەوکردنی گەندەلیی دەکات. کەچی گەندەلییە حیزبیەکە سەرپێچی کردنی حیزبەکان دەگەیەنێت بۆبنکە سیاسیەکان و بنکۆل کردنیان وەکو سیخوری کردن لەسەر ئۆپۆزسیۆنەکان و لە ناوبردنیان و دەستە سیاسیەکان و حیزبەکان بۆبەرژەوەندی خۆیان و بۆ بەدەستهێنانی دەسکەوتە تاکە کەسییەکان بەرێگەیەکی نایاسایی دەچەوسێننەوە وەکو بازرگانیکردن بەکەل و پەل و ئازوقە. لەبازاری ڕەشدا، دابەشکردنی کەل و پەلەکان بەسەر دۆست و هاوڕێیان بەسەر ژمێریارەکان بەشێوەیەکی سنوردار، هەروەها گەندەلیی دامەزرێنەری بەردەوامن لەسەر پەیڕەوکردنی کارەکانیان بەسزادان و لێپرسینەوە.

*گەندەلیی کارگێڕی:

ئەم جۆرە گەندەلیەش هەندێك لە فەرمانبەرە بیرۆکراتیەکان دەگرێتەوە لەکەرتە ناوەندیەکان و جیهانی لەهەرێمێکی کارگێڕیدا زۆر جار گەمارۆ دەدرێت بەچەند کێشەیەکی گەندەلیی بچووك. کە دوولا بەشداری دەکەن داواکەری کار لەلایەك و کارمەندی میری لەلایەکی ترو ئاسانکردنی سەوداکردن وەکو لایەنی دووەم و جێبەجێکردن بەشێوەیەکی خێرا، جا لایەنی یەکەم بەرتیل لەلایەنی دووەم وەردەگرێت لەژێر ناوی بەخشیش، ئەمەش بەشتێکی باش دادەنرێت کە بەشداری دەکات بۆچاککردنی باری گوزەرانی کارمەندو فەرمانبەران، ئەم جۆرە گەندەلییە لەناوچوونی ئاسانە بەهۆی یاسا کارگێڕییەکان و توندو تیژی بەکارهێنان و چاودێری کردنی دەزگاکان لەگەل زۆرکردنی مووچەی کارمەندان تاوەکو هیچ شتێك نەدۆزنەوە بۆ ئەوەی سەرپێچی بکەن لەیاساو سیستمە گشتیەکاندا.

سەرچاوە: ظاهرة الفساد (د. ناصرعبید الناصر)

# بیکەر هاملتۆن، پەندێك بۆ مێژوو

ئازاد سەراوی

گەر سەرنجی پرۆژەکەی بیکەر هاملتۆن بدەین بەتایبەتی ئەو خالەی کەباس لە دواخستنی ڕاپرسی لەسەر کەرکوك دەکات، سەرجەمی ئەو پلان و پاشقول گرتنانەمان دێتەوە یاد کە لە مێژووی ڕابردوومانـدا سەبارەت بە ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی کەرکوك و گەڕانەوەی بۆ ئامێزی کوردستان گێڕدراوە.

مێژوویەکی درێژە سەبارەت بە کەرکوك و ناسنامەی نەتەوەیی ئەو شارە لەلایەن داگیر کەرانی کوردستان و پیلانگێڕە ئیقلیمی و نێودەولەتەکانەوە ئەکرێت. مێژوویەکی درێژیشە بزوتنەوەی کوردایەتی لەسەنگەری بەرگری کردن لەمەسەلەی ڕەوای گەلەکەی و بەتایبەت شاری کەرکوك دایە. شێوازە جۆراوجۆری خەبات هەر لەخەباتی چەکداری و سیاسی و جەماهیری و بارودۆخی کەرکوك لەلایەن کوردستانیەکانەوە گیراوەتە بەر، لەشۆڕشی ئەیلول و گفتوگۆکانی ١٩٨٤ ی (ی.ن.ك) و١٩٩١ ی بەرەی کوردستانی تا ئەگات بە ئەنجومەنی حوکم و شەڕی دەستوور.

کوردستانیەکان پێ دیسانەوە لە سەنگەری بەرگری و داکۆکی کردن لە کوردستانی بوونی کەرکوودا بوون بۆ هەولی نەشیاوە و بەردەوامی سەرکردایەتی کوردیش ماددەی ١٤٠ ی دەستوری هەمیشەیی عێراق چەسپاوە وەك چارەسەرێك بۆ بارودۆخی شێواوی کەرکووك پەسەند کرا هاوکات لە گەل نووسینی دەستوری هەمیشەیی عێراق و بڕیار لە سەردانی لە لایەن گەلی عێراقەوە وە ئەمریکاش وەك لایەنێکی گرنگ و ڕزگار کەری گەلانی عێراق دەستوری لا پەسەند بووە . بە هەموو بڕگە و مادە یاساییەکانەوە هەروەك واش پەسەند کراوە کە چارەسەری کێشەکانی ناو عێراق لەلایەن عێراقیەکانەوە بکرێت و دەست تێوەردانی دەرەکی قبول نەکرێت . ڕاپۆرتەکەی بیکەر هاملتۆن لە گەل ئەوەی لەگەل بارودۆخی عێراقدا وێك نایەتەوە و ناتوانێ پێهاتەکانی عێراق قەناعەت پێ بکات . سەرکردایەتی سیاسی کوردستان و خەلکی کوردستانی ڕاچەلەکاند لەوەی کە مەسەلەی کورد و چارەسەر کردنی ئەو گرێ مێژووییەی پێ ی دەوترێت کەرکووك هێشتا لە بەردەم پیلانی دەرەکی و نێو دەولەتی دایە چونکە دواخستنی ڕاپرسی کەرکووك و هێور کردنەوەی بارودۆخەکەی نە لە بەرژەوەندی ئارامی و ئۆقرەیی و نە لە بەرژەوەندی کوردستانیەکاندایە . لە هەمان کاتیشدا هەلوێست و دروشمەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەو پرۆژەی ڕۆژهەلاتی گەورە و دیموکراتیزە کردنی ناوچەکەش دەخاتە ژێر پرسیارەوە بیکەر بزانن یان نا پرۆژەکەیان پێش هەر شتێك مانای شکست هێنان و سەرنەکەوتنی ئەمریکایە لە عێراق دا ئەگەیەنێت لە هەمان کاتدا پێشێل کردنی دەستووری عێراقە ، چونکە هەولدان بۆ توندو تۆل کردنی دەولەتی مەرکەزی و کەم کردنەوەی دەسەلاتی هەرێمەکان و گەڕانەوەی سەروەت و سامانی عێراق بۆ بەغدا . گەڕانەوەی هەمان حوکمی دکتاتۆری فاشیی صدام و ڕژێمەکەیەتی بەلام لە سەردەم و قۆناغی نوێدا ئەمەش دژ بە خواستی گەلانی عێراق و پرۆسەی دیموکراسی یە کە ئەویسترا بکرێتە نمونەیەك بۆ ناوچەکە هەروەك بە جۆرێك لە جۆرەکانی سەرکەوتنی هێزە کۆنە پەرستەکان و تیرۆرست و تەکفیریەکانە لە عێراق و دنیاش دا بۆیە پرۆژەکەی هاملتۆن نەك هەر بە قازانجی گەل و حکومەتی ئەمریکا ئەبێت لە عێراقدا بەلکو ئەرکی سەرشانی ئیدارەی سەرۆك بۆشە کە زۆر بۆ توندی ڕەتی بکاتەوە تا ئەمریکا و هەلوێست و دروشمەکانی کە بە خەلکی عێراق و ناوچەکەی دابوو نەبنە وەهم بۆ کوردیش گرنگ و پێویستە کە هەلوێستی زۆر جدی و یەکلایی کەرەوەی لە سەر وەرگرێت بۆ ئەوەی جارێکی تر کەرکووك نەکەوێتەوە ژێر ڕەحمەتی بەرژەوەندیەکانی ناوچەکە و جیهان . چونکە کەرکووك وەك کێشەیەکی مێژوویی و هەستیار و گرنگ دوورایییەکی ئیقلیمی و نێو دەولەتی بۆ دروست بووە هەر لە ژێر کاریگەری ئەو دوورایییە ئیقلیمیش دا بەشێك لە ڕاپۆرتەکەی بیکەر دارێژراوە کە پەیوەستە بە دواخستنی ڕاپرسی لە کەرکووك و ئاسایی نەکردنەوەی بارودۆخەکەی . ئەویش بە ئاسانی دەکرێت کە ئەو بەشەی لە ڕاپۆرتەکەدا پەیوەستە بە کەرکووکەوە . لە ژێر کاریگەری شۆڤێنیزمی عەرەب و تورکی ناوچەکە و بە فکری شۆڤێنیانە زاخاو دراوە بۆیە گرنگە کوردیش جگە لە کەنالەکانی ناوخۆ سەرجەم کەنالە ئیقلیمی و نێو دەولەتیەکانی بخاتە گەڕ بۆ پەرچ دانەوەی هەر هەولێك کە بارودۆخی کەرکووك وەك خۆی بهێلێتەوە جەختیش لە سەر ئەوە بکات کە ماددەی ١٤٠ی دەستوری هەمیشەیی عێراق بە زویی جێبەجێ بکرێت و چیتر قبول نەکرێت درێژەی تیا بکرێت ڕاپۆرتەکەی بیکەر بکرێتە ئەرشیف و لە ریزی ئەو ڕاپۆرتانە ئەژمار بکرێت کە لە مێژوودا دژ بە کورد و کوردستان دراونەتە دەولەتانی جیهان .

# دەولەتی کوردی




ئیدریس شەیداهۆ

جوانترین خەونی پیشمەرگەی دێرینە ،خۆشترین خەیالی هەموو کوردێکی دلسۆزە ،کەرۆژێك لە ڕۆژان زۆر بە سەربەستی وراشکاوانە بەرامبەر میللەتانی دونیا بەری ڕەنجی خوێنی هەزاران شەهید وهیلاکی هەزاران ڕۆلەی بەئەمەکی گەلەکەی خۆی ببینێ ولەژێر سێبەری ئالای بەرزو سروودی نیشتمانی خۆیدا هەناسەیەکی ئازادی هەلمژێ.

دەولەتی کوردی ،یۆتۆپیا نییە، خەیالی زانستیش نییە، حەقیقەتێکە و هەردەبێ بێتەدی ......!

بەرووباری خوێنی شەهیدان وبەزەحمەتی وهیلاکی زۆر لەقارەمانەکانی گەلەکەمان ،زۆربەی قۆناغەکانی ئەوخەونەمان بڕیوە ،ئێمە نەتەوەیەکین ،لەوەتەی هەین لەبەرووبووم وداهاتمان دەخۆن ،قرمان دەکەن ،خاکمان دەدزن ،شاربەدەرمان دەکەن ،بەلام هەموو ئەمانە سەردەمێکی مێژووی خۆیان تێپەڕاند ،ئیدی سەردەمی ئاوەژووکردنەوەی ئەو واقعەیە کەسەدان سالە دوژمنان بەناحەق لێیان سەندووین ،سەردەمی خۆخۆناسین وخۆ بەخاوەن مال زانینە ،سەردەمی دروستکردنی مالی کوردیە ،ئەمەش لەیەك بۆتەدا خۆی دەبینێتەوە ،ئەویش پێکەوە کارکردنە بۆ نەخشاندنی دەولەتی تازەی کوردی.....!

کوردستان تەنها نیشتیمانی کوردان نابێ ،نیشتمانێك دەبێ بۆ هەموو ئەو نەتەوەو چین وتوێژانەی کە تێیدا دەژین ،ڕەشمالێکی ڕوون وگەشاوە دەبێ بۆ هەموو ئەوانەی لەسێبەریدا دەژین ،بەمەرجێك هەمووان خەبات بکەن ،تاسبەی بەری ڕەنجەکەیان بخۆن ،هێندەشی نەماوە ،زۆربەی نەهامەتیەکانمان بەسەر برد ،تەنها پێویستمان بەشۆڕشی لێك تێگەیشتن وئالوگۆڕی بیرورا هەیە ،تاهەموومان بەیەك زمان وبەیەك دروشم بەکۆمەلی نەتەوەیی دونیای بگەیەنین ئیدی دەبێ عیراق لەئێمە جیابێتەوە نەك ئێمە لە عیراق جیابینەوە ،ئەمەش هەقیقەت وواقعی هەموو ئەو گەلانەی دونیایە کەچەندین سالە بەناحەق بەدەولەتێکی دوژمی دراوسێوە لکێنراوین سبەی مێژووش هەموو ئەو ڕاستیانەمان بۆ دەخاتە بەر لەپی دەست ،ئەوسا هەموومان بەیەکەوە لەژێر چەتری ئالایەکی شەکاوەدا سروودی سەرفرازی دەچڕین ......!